ڕاگەیاندنی سەنتەری منالاّن:

# ڕێکخراوەکانی یاڤلە و کۆتایی پێهێنانی توندو تیژی دژ بە ژنان و کوشتنی ناموسی

لە شاری یاڤلەی سوید چەندین ڕێکخراوی ژنان ، منالاّن ، کولتوری و لە پێناوی تێکەولاّوبوندا هەن کە لە لایەن خەڵکان پەناهەندەی دانیشتوی سوید و هاتوو لە وولاّتە جیاجیاکانی دنیاوە دروست کراون. سەنتەری منالاّن و 3 ڕێکخراوی تری ( ڕێکخراوی بۆسنیەکان ، سۆمالیەکان و ژنانی ئەفریقای) سەرباری بیروڕاو بەرنامەی جیاوازیان لە ماوەی 8 مانگی ڕابردودا چەندین کارو چالاکی پڕبەرهەم و بەرچاویان دەست پێکرد کە لە مێژووی کاری ڕێکخراوەکاندا دەگمەن بوو. دوا بەرهەمی ئەم هاریکاریەش نوسینی 4 نامیلکەی بەلگەنامەیی سەبارەت بە توندو تیژی دژ بەژنان و کوشتنی ناموسی بوو. کە بەپێی وولاّتە جیاجیاکان چۆنێتی ڕووداوەکانیش جیازاو لەیەك نەچوو بوون.

پاشنیوەڕۆی ئەمڕۆ 2005-11-26 لە شاری یاڤلەی سوید هەر یەك لە شێرزاد فاتح بەرپرسی سەنتەری منالاّن لە درەوەو هەلاّلە ڕافع هەڵسوڕاوی بواری مافەکانی ژنان و بەر پرسی کۆمیتەی بەرگری لە مافەکانی ژنان لە سوید ، بەشداریان لە سمیناری ناساندی نامیلکەی بەڵگەنامەی سەنتەری منالاّن لە پێناو نەهێشتنی توندو تیژی و کوشتنی ژنان بە بیانوی"پاراستنی شەرەڤ خێزان"ەوە کرد ، شایانی باسە لە نامیلکەی بەڵگەنامەیەکەی سەنتەری منالاّندا کە لە لایەن شێرزاد فاتح ەوە ئامادە کراوە ، هۆی کوشتنی ژنان بە پلەی یەکەم بۆ دورە پەرێزی پەناهەندە لە کۆمەڵگای ئەوروپا، وە حیساب نەکردنە بۆ ژنان و مافەکانیان لە لایەن ئەو خەڵکانەوە کە هەڵدەستن بەم کارە، بۆ ئەمەش دوو ئامرازی زۆر بە هێز پشتیوان و هاوکاریانە ئەوانیش ئاین بەگشتی و بە تایبەتیش ئاینی ئیسلام وە کولتورە. هەروەها ئاماژە بەوەش کراوە کە ئەو وولاّتانە بە بیانوی پوچی فەرنگی جیاو بە حیساب ڕیز گرتن لێی زۆر خۆیان لەو کێشانە نادەن و شانی خۆیانی لێخاڵی دەکەنەوە.

لەم بەڵگە نامەیەدا جگە لە نوسینی پێشەکیەکەی لە لایەن (شێرزاد فاتح) ەوە ، قسەو باس و ووتار ، چاوپێکەوتن و ڕوونکرنەوەی هەر یەك لە (یۆران بێرشۆن)ی سەرەك وەزیرانی سوید ، هەلاّلە ڕافع و سلیمان قاسمیانی و سارا محەمەدی و پەوروین کابولی لەسەر کوشتنی فادیمە شانیدال وە چەندین ڕاپۆرتی بلاّو کراوە لەم بارەوەی لە خۆگۆتووە. ئەمە جگە لە بەشی کۆتاییەکەی کە چی بکەین باشەو چۆن کۆتایی بمەمەبهێنین باس کراوە.

شیرزاد فاتح لە نامیلکەکەدا ئیشارەتی بە کوشتنی دوو کچە لاوی کورد کردووە وەك نمونەی کوشتنی ناموسی ژنان لە وولاّتی سوید بە هۆی "پاراستنی ناموسەوە" کە هەموو خەڵکی سوید ناوەکانیان دەزانیٚ ، کە ئەوانیش هەر یەك لە (پێلا) کە ساڵی 1999 وە (فادیمە شاهنیدال) 2002 لە ئۆپسالای سوید، هەموو تاوانی ئەم دوو کچە لاوەش ئەوەبووە کە ویستویانە بە دڵخوازی خۆیان هاوسەری ژیانی خۆیان هەڵبژێرن و خۆشەویستی بکەن.

شایانی باسە لە نێو ئەو چوار ڕێخراوەدا سەنتەری بەگری لە مافەکای منالاّن جێگایەکی تایبەتی هەیەو بەبیٚ هیچ پاساو هێنانەوەیەك بۆ مەزهەب و کولتور ، ڕاستەوخۆ دەستنیشانی هۆی سەرەکی ئەم ڕووداوە دڵتەزێنانەی دەست نیشان کردووە کە بە پلەی یەکەم تا ئێستا تەنها لە نێو کوردی پەناهەندەی دانیشتوی وولاّتانی ئۆروپادا ڕوویان داوە ، هەر بۆیە سەرنجی میدیای سویدیش لە هەموو ڕێکخراوەمانی تر زیاتر چووە سەر سەنتەری منالاّن و بەم بۆنەوە کەناڵی 2 ی تەلەفزیۆنی سوید چاوپێکەوتنێکی لەم بارەوە لە گەڵ شێرزاد فاتح ساز کرد ، هەروەها هەریەك لە کەناڵی P4 ڕایۆی یاڤلە بۆری چاوپێکەوتنی سازدا و جەرەیدەی ڕۆژانەی ( Arbetarbladet) کە سەربە حیزبی سۆسیال دیموکراتی دەسەلاّتدارە لە سوید لەسەر هەمان مەبەست ڕپۆرتی کارەکەیان بلاّو کردوە.

سەنتەری بەرگی لە مافەکانی منالاّن
سوید 26-11-2005
www.santarimnalan.com
santarimnalan@yahoo.com